# دیکتاتۆرێکی تر دەڕوا

## سیستمی بیرکردنەوەو ئەخلاقیشیان درێژەی دەبێ

ئیبراهیم مەلا زادە
هۆڵەندا

ئایا دادگاییکردنی سەددام ئەوەندە دێنێ خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین؟

سەددام لەو ڕۆژەوە لە داردراوە، کە بە ملهوری لەناو هەندێ لە هەوادارانی دەرکەوت و دواتریش کونە مشکی لێ ببوون بە قەیسەری، تا لەئاکامدا لەچاڵێکی دوور لە ئاوایی دەسگیرکرا.

بەڵام ئایا ئەخلاقی بێ ویژدانی و گەندەڵی سەددام، عەقلیەتی پاشقەچووی خێڵەکی سەددام، یاسا ئاژەڵی و جەنگەڵییەکانی سەددام، لەگەڵ ڕمان و لەسێدارەدانی سەددام بە دووماهی دێن؟

ئایا دیاردەی سەددامیزم چ لە کوردستان، یا لە عێراق، یا لە دونیای مسوڵمانان‌دا بنبڕ دەبێ؟

ئەگەر سەددامیزم بە لە داردانی سەددام کۆتایی نەیێت، ئەی لە داردانی سوودی چییە؟

هەمووماں بە یەکەوە دەیان ڕەفتارو کرداری دەسەڵاتدارانی دوای سەدداممان بینین، دەرهەق بە خەڵکی عێراق، دەرهەق بە مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان، دەرهەق بە ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری.

هەمووماں بە یەکەوە ڕۆژانە ڕاوەکورد لە زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی عێراق دەبینین و کوردێك نییە بە پشت بەستی، بێ بۆدیگارد، بۆ کارێکی ئاساییش ڕوو لەناوچەیەکی عەرەبنشین بکات. ئەمە سەددام نییە وادەکات، بەڵکو کولتوری بۆماوەی سەددامە.

ئایا بە لەبەین چوونی زاڵم و دیکتاتۆرو خودسەرەکانی عەرەب زوڵم و ستەمیشیان کۆتایی پێهاتووە؟

چیرۆکی زوڵمی ڕژێمە عەرەبییەکان هەر لە موعاویەوە دەستپێدەکات بە یەزیدی کوڕیشیەوە تێپەڕ دەبێت، درێژەبێتەوە، زۆربەی میراتگرەکانی دەگرێتەوە، تا دەگاتە حەجاج و خەلیفەی عەبباسی خوێنڕێژ (السفاح)، بە مەنسوردا تێپەڕ دەبێت، تا دەگاتە دوا خەلیفەی تورکە عوسمانییەکان و سەفەویە خوێنڕێژەکان و تێپەڕ دەبێ بە مەدحەت پاشاو عەبدولناسر تەواو نابێت، تێپەڕ دەبێت بە حەسەنی دووەم و جەعفەر نومەیری و حافز ئەسەد، تا دەگاتە ڕەمزی خوێنڕێژی و پاشۆڵشری سەدەی بیستەم سەددام حوسێن. ئەو کاروانە پڕ لە خوێنەی کە هەرگیز کۆتایی نایێت، بەڕێوەیە تا ئەخلاقی خێڵەکی و ڕەفتارو خووی ئەوانەش بەڕێوە بێ، تا گریان و پاڕانەوەی گەلانی عەرەب و مسوڵمانیش بۆ دیکتاتۆرەکان بەرەوی هەبێ. هەمووشمان دەبینین چۆن عەرەبەکان و زۆر خەڵکی مسوڵمانیش بۆ سەددامی سەنەم دەگرین و دەپاڕێنەوە.

ئەوانەی لێرە ناوم هێناون تەنها دڵۆپێکن لە دەریاییێکی بێ بنی زوڵم و زۆری دونیای بیابانییەکان و تورکە بۆرەکان. هەمووشیان لە بەین چوون، بەڵام زوڵم و زۆری وەکو تیراوە دەژیێتەوەو درێژ دەبێتەوە. بۆ ماوەیەك ون دەبێت و دوایی سەرهەڵدەداتەوە.

دەبێ لە بەین چوونی ئەو دیکتاتۆرانە چ سوودێکی هەبێ، ئەگەر ڕووخانی دیکتاتۆرێك ببێتە هۆی نوێبوونەوەی زوڵم و زۆری لەناوەوەو لەدەرەوەی نیشتمانی بە هەزرەتمان بۆ ساتێکی ئازادی و دادپەروەری؟

دادگایی کردنێك سوودی چییە ئەگەر نەبێتە هۆی چاوترسانی هەموو ئەوانەش کە بەنیازن ببنە دیکتاتۆر؟

دڵنیام کولتوری دیکتاتۆریەت لە ناخ و لەخوێنی هەزاران مرۆڤی وڵاتی ئێمەش دایە. بەداخەوە ئەزموونی گەلی کورد تەنها لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی بێگانەو داگیرکەردا بووە. تا ئەمڕۆ وڵاتمان ئازاد نەبووە تا ئێمەش بزانین داخۆ سەرکردەو پادشاکانی کورد وەکو سەرکردەو پادشاکانی گەلانی دراوسێ دیکتاتۆر دەبوون و وەکو ئەوان ڕەفتاریان دەکرد؟ بێجگە لە ڕەفتارو کرداری پڕ لە زوڵم و زۆری و خۆکوژی هەموو ئەو میرنشینانەی کە شەڕەفخانی بەدلیسی شاهیدە بەسەر شەڕە بێکۆتاییەکانی نێوان خۆیان. تاکە جیاوازی ئەو میرنشینانە لەگەڵ دیکتاتۆرانی دراوسێدا، ئەوەبووە، لەبەر شەڕو کوشتاری یەکتری نەیانتوانیوە مەجدێك و گەورەییەك بۆ خەڵك و نیشتمانەکەیان دابین بکەن، بستە خاکێکی خەڵکی دی داگیر بکەن.

تاکە ئەزموونی نوێی ئێمە لەگەڵ حوکم و دەسەڵاتی کوردیدا لە شانزە ساڵ تێپەڕ ناکات. بە لەبەرچاوگرتنی شتە باشەکانیش، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگریشە کە شێوە کولتووری دراوسێکانمان بە زۆر شێوە لەماڵ و شەقام و بازاڕو کۆشکە حکومی و ناحکومییەکاندا هەڵپەیەتی و وەکو مۆتەکە ئازادیمان لێدەشێوێنێ، هەوڵی شێلوکردنی کانیە سازگارەکانی ژیانمان دەدات، دیواری گەورە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا دروست دەکات.

لەمێژە دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرە عەرەبەکان بە هاووڵاتیانی خۆیان دەڵێن ئێمە لە خەندەقی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان داین، بۆیە جارێ باسی نان و ئاو و ئازادی مەکەن، کەی دوژمنی دەرەکیمان شار بەدەرکرد بۆ خەم و خەیاڵەکانی ئێوە یەکلا دەبینەوە، چارتان دەکەین، ڕاستیشیان کرد. سوپای لەبن نەهاتوویان و موخابەرات و ئەمن و خەوف نهێنی و ئاشکرایان بە تەنها زەقنەبووت بوون بۆ هاووڵاتیانی خۆیان. دواتر بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە تاکە دوژمنی ئەوان تەنهاو تەنها خەڵکی شارو لادێییەکانی خۆیان بوون. بۆیە ئێمەش دەبێ بەم جۆرە قسانە فریو نەخۆین، نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە، باشترین بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی خەڵك و دەسەڵاتی کوردستانیش، تەنهاو تەنها بە دیموکراسی و ئازادی بەخشین و دابینکردنی دادپەروەری بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دەبێ.

لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوەش گرنگە هەموو تاکێکی کۆمەڵگای ئێمە وریاو چاوکراوە بێ، ئەگینا لەسێدارەدانی سەددام بێجگە لەفیلێکی گەورە چیتر نییە. ئەگەر ئەخلاق و کولتوری سەددام بنبڕ نەکرێ، هیچ هێزێك نییە قەرەبووی قوربانیەکانمان بکاتەوە، ئابڕووی تکاوو بردراومان بە شالاوی ئەنفالەکان بۆ بگێڕێتەوە، ڕوحە خنکێنراوەکانمان بە غازی کیمیایی، بژێنێتەوە. هەمووشمان دەزانین سەددام بۆ پاکتاوی ڕەگەزی خەڵکی کوردستان دادگایی نەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەسێدارە نادرێ.

ئەگەر ئەو لە سێدارەدانەش دەرس و عیبرەت نەبێ بۆ هەموو دەسەڵاتدارێکی دەرەکی و ناوخۆیی، دڵنیابن هیچمان نەکرد. سەددام ئەگەر بە سێدارەش لەبەین نەچێ، لەگرتووخانەشدا بڕزێتەوە، تۆوی نەزۆکی مرۆڤکوژی خۆی چاندووە، کوڵنگی وێرانکاری خۆی وەشاندووە، ئەگەر سیستمی فیکری و ئایدیۆلۆژی خۆی لەگەڵ خۆی گۆڕبەگۆڕ نەکات، ئازادیمان لێ دەبێتەوە بە ژەهرو نەوەکانی داهاتووشمان جارێکی دیکە سەرگەردان و ماڵوێران دەبنەوە.

ئازادی بێ دادپەروەری دارستانێکی پڕ دەبێ لە دڕندە.

ئەگەر مرۆڤیش ئامانج و سەنتەری گرنگی پێدان نەبێ، نیشتمان و دەوڵەت و سەرۆك لە بتێك زیاتر هیچ مانایەکی دیکە نادەن.

# ئیمرالی، ناوەندی فەرمانده‌یی PKK



دوورگەی ئیمرال

نووسینی:
محەممەد هادی*

### ستراتیژی جوگرافیایی

دوورگەی ئیمراڵی لەنێو دەریای مەرمەرەیەو، کەسی تێدا ناژیت، لەرووی ڕووبەرەوە دوای دوورگەی مەرمەرە، بەدووەمین دوورگەی گەورەی دەریای مەرمەرە دادەنرێت. دوورگەی ناوبراو لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دەریایی بووەو زیندانی ئیمراڵیش هەر لەنێو ئەو دوورگەیە دایە.

پێش گواستنەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ نێو ئەو زیندانە، هەموو زیندانییەکانی ئەو شوێنەیان گواستووەتەوە شوێنی دیکەو زیندانەکەیان چۆڵکردووە، ئێستا تەنیا یەك زیندانی تێدایە کەئەویش نێوی ئۆجەلانە. دەگوترێ کە عەدنان موندەرس کە یەکێك لەسەرۆك وەزیرەکانی پێشووی تورکیا بووە لەو زیندانە لەسێدارە دراوە.

### بارودۆخی ئەمنییەتی ئیمراڵی

لەو دوورگەیە، شەوو ڕۆژ (24 کاتژمێر)، نزیکەی 700 کەس لە هێزی ئەمنییەتی ئەرکەکانی خۆیان بەجێدەگەیێنن، کە 250 کەس لەوانە ئەفسەرو پلەدارو هەندێکیشیان سەربازی کۆماندۆن. پێداویستییە سەربازییەکانیان بریتییە لەکەشتییەکی گەورەی شەڕکەر، ژێردەریاییەك، دوو کەشتی شەڕکەری بچووك، شەش زەورەقی ئەمنیەتی و شەش کەشتی بچووکی جێت بۆ لێوارەکانی دەریا.

ئۆجەلان 24 کاتژمێرو سات بەسات لەژێر چاودێریدایە، بینایەکە 3 نهۆمەو ئەو پاسەوانانەی لەنێو بیناکە چاودێری ئۆجەلان و دەوروبەری دەکەن، چەکدار نین. تەنانەت ئەگەر ئەفسەر یان پلەدارێك بەچەکەوە بچێتە ئەو شوێنە، لەخاڵی کۆتایی پشکنین چەکی خۆی دەداتە پاسەوانەکانی ئەوێ.

خوارترین نهۆمی بیناکە واتە ئەو نهۆمەی کە ئۆجەلانی تێدایە، بەگشتی لەدیوارێکی قاوەیی پێکهاتووە کە ئامێری ئەلیکترۆنی زۆری تێدایەو چاودێری شوێنەکەی پێدەکرێت. لەنهۆمی دووەم و سێیەمیش دەستەی بەرپرسایەتی ئەمنییەتی نێو بیناکەو پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی دەستە وەکو ئەرشیف، کۆمپیوتەر، سیستەمی ڕادار، کۆگای دەرمانی تێدایە.

ئۆجەلان لەخوارترین نهۆمی بیناکە دەمێنێتەوە، ئەو شوێنەی ئۆجەلانی لێیە بەکامێرای بچووك چاودێری دەکرێت، شوێنێکی 9–10 مەتری چوارگۆشە بۆ هاتنە دەرەوەی ئۆجەلان بۆ هەوا گۆڕین تەرخانکراوە کە دەیان کامێرای چاودێری لێ دانراوەو ئۆجەلان هەردەم لەژێر چاودێری کردندایە، لەحەمام، توالێت، چوونەدەرەوە، کاتی خەوتن، کاتی نووسین. واتە شەوو ڕۆژ لەژێر چاودێریدایە.

جگە لەکۆماندۆکان هەموو ئەو کەسانەی لەئیمراڵی خەریکی ئەنجامدانی ئەرکەکەیانن، هەر سێ مانگ جارێك دەگۆڕدرێن.

### ئۆجەلان و سوپای تورکیا

بەپێی ئەو زانیارانەی لەراگەیاندنەکانی تورکیا لەسەر ئۆجەلان و زیندانی ئیمرالی بڵاوکراوەتەوە بەدیار دەکەوێت، عەبدوڵلا ئۆجەلان لەو کاتەی کە دەستگیرکراوە تائێستا لەشوێنێکی لەوشێوەیە, کە بەشێوەیەکی گشتی لەژێر چاودێری هێزەکانی ئەمنیەتی دایەو پارێزراوە. شوێنەکە بەبێ مۆڵەتی هێزی هاوبەشی تورکیا تەنانەت ناتوانرێ ئاویشی تێدا بخورێتەوە.

ئۆجەلان لەکاتی گیرانی لەناو فرۆکەدا و گواستنەوەی بۆ تورکیا ڕایگەیاند "ئەگەر من لەسێدارە نەدەن لەخزمەتی ئێوەدا دەبم". هەندێ لەچاودێرانی سیاسی بەدەربڕینی ئەو ڕایەی ئۆجەلان دوای دەستگیرکردنی پێیانوایە بەخستنەڕووی ڕایەکەی "کۆماری دیموکراتیك" ماوەیەکی دوورو درێژ توانی کۆتایی بەچالاکییە سەربازییەکان بێنێ و، پێیانوایە ئۆجەلان لەو ماوەیەدا ئەوەی بەدەرخستووە کە لەخزمەتدا بووە.

ئۆجەلان کە لەدووەمین دوورگەی گەورەی دەریای مەرمەرە دەستبەسەرە، بەتەنیایی و لەژێر چاودێرییەکی زۆر توندایە، هەندێجار شەڕو هەندێجار ئاگربەست ڕادەگەیێنێ و هێزی هاوبەشی تورکیاش بەکردەوە ئێمرالی بەناوەندی فەرماندەیی pkk دادەنێت، بەو هۆیەوە کارناسان لەوبارەیەوە لێکدانەوەی سەیرو جۆراوجۆریان هەیە.

هەروەها هەندێ لەکارناسانی سیاسی، ئەو ڕەفتارەی ئۆجەلان لەنێو ئەو جۆرە زیندانەدا، کە هەندێ جار ئاگربەست و هەندێ جار چەکدارانی خۆی بۆ شەڕکردن ڕێنوێنی دەکات، بەوە لێکدەدەنەوە کە ئۆجەلان بەو دیموکراسی و ئازادییەی کە سوپای تورکیا بۆی فەراهەم کردووە دەتوانێ پەیامەکانی خۆی لەرێگەی پارێزەرەکانییەوە بگەیێنێتە ڕێکخراوو ڕاگەیاندنەکان.

لەبەر ئەوەی ئەو ڕەوەندە لەژێر سایەی بەرنامەی سوپای تورکیا ئەنجامدەدرێت و ئەوە ئۆجەلانە کە دوای هەماهەنگی تەواو لەنێوان pkk، تاڵەبانی و بوش، دوای بینینی پارێزەرەکانی لەڕۆژی 2006/9/23 فەرمانی ئاگربەستی پەسەند کردووەو لەیەکتربینینێکی دیکەی پاریزەرەکانی لەڕۆژی 27 /2006/9 فەرمانەکەی ڕاگەیاند و دەڵێ "من ئەو ئەرکەی لەئەستۆمە بەجێدەگەیێنم و ڕادەگەیێنم کەpkk ئاگربەست ڕابگەیێنێ. هیوادارم pkk ئەوە قبوڵ بکا و لەو بروایەدام کە ئەنجامێکی دەبێت".

دوای فەرمانی فەرماندە، pkk بەرەسمی ڕایدەگەیێنێ کە بەپێی فەرمانی ڕێبەرمان، لەبەرواری 2006/10/1 بەبێ هیچ مەرجێك ئاگربەست ڕادەگەیێنین.

جێی ئاماژەیە کە لەو کاتەی ئۆجەلان دەستگیرکراوە تائێستا، هەرگیز لەماوەی هەفتەیەکدا دووجار ڕێگەی پێنەدراوە کە پارێزەرەکانی ببینێ، بەڵام بەهۆی دەربڕینی "پەیامی ستراتیژی" ئەو ڕێگەی پێدەدرێت.

* کارناسی پرسەکانی سیاسی تورکیا.



# پەتەکەی ملی سەددام: عێراق بەرەو کوێ؟

عەبدولڕەزاق عەلی

زۆربەی میدیای عەرەبی پێیانوایە تەوقیتی حوکمدانی سەددام لەسەر تاوانەکانی دوجێل، تەوقیتێکی سیاسی بوو، سیاسیبوونەکەشی تەنیا بەهەوڵی ئیدارەی سەرۆك بوش دەبەستنەوە لەپێناو بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا.

دەکرێ بڵێین خەوشی ئەم لێکدانەوەیە تەنیا ئەوە نییە، لەڕاستییەوە دوورە، بەڵکو لە کورتکردنەوەی لێکەوتە سیاسییەکانی ئەو حوکمەدایە، لەسەر ئاستی هەڵبژاردنێکی نیوە بەنیوەی کۆنگرێسی ئەمریکا، خۆ ئەگەر هەروا بخوێندرێتەوەو واش کەوتبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئامانجەکانی خۆی نەپێکاو دیموکراتەکان بردیانەوە، لێکدانەوەکە، بەخوێندنەوەیەکی وردی هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق، لێکدانەوەیەکی ڕواڵەتییە.

بەپێی هەندێك سەرچاوە، ئەمریکییەکان حەزیان لێبوو حوکمدانی سەددام سەبارەت بەتاوانی دوجێل (کە هەر مرۆڤێکی ئاگادارو ئاسایی مەزندەی دەکرد ئیعدامە)، لەمانگی ڕەمەزاندا بێت، بەڵام دەستەی دادوەران ڕازی نەبوون و ئەمریکاییەکانیان بەهۆش هێناوەتەوە کە حیسابێك بۆ پیرۆزی مانگی ڕەمەزان بکەن و ڕێز لەهەستی موسڵمانەکانی عێراق بگرن، با بەشێکیش لەوانە خۆیان حساب بۆ ڕەمەزان نەکەن و بەپێچەوانەوە لەو مانگەدا تاوانەکانیان چڕ بکەنەوە، با سەددام و بەعسییەکانیش هەرگیز حسابیان بۆ هەستی هیچ کەسێك نەکردبێت. بێ ئەوەی لە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە لابدەم، بەڕاستی بۆچوونی دەستەی دادوەرانی دادگاکە لەجێی خۆیی و مایەی تەقدیرە، کە نەیانهێشت ئەمریکییەکان دەست لەکاروباری دادگا وەردەن و بەم دەستتێوەردانەشیان، هەڵەیەکی دیکە بخەنە سەر خەرمانی هەڵە زۆرو زەوەندەکانیان لەعێراق.

بەدەر لەهەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس، وا دیارە ئەمریکییەکان کارێکی دیکەیان بە حوکمی ئیعدامی سەددامەو ئاماژەو هەواڵە نهێنی و ئاشکراکان پێماندەڵێن؛ دواجار لەژێر فشارێکی نێوخۆیی و دەرەکیدا، ئەمریکییەکان گەیشتونەتە، ئەو بڕوایەی دەتوانن حوکمەکە، واتا پەتەکەی ملی سەددام، بێئەوەی توندی بکەن، بۆ تاکتیکێکی سیاسی زۆر گەورە بەکار بێنن؛ ناچارکردنی پاشماوەکانی بەعس، تا لەژێر هەڕەشەی حوکمی ئیعدامکردنی سەددامدا، واز لە توندوتیژی (مقاوەمە) بێنن، نیشانەکانی ئەم بۆچوونەش کەم نین. هەر لەم ناوچەیەی خۆشماندا، ئەزموونی پێشتری ئەو سیاسەتەمان هەیە؛ ئەزموونی تورکیاو پەکەکە (لەگەڵ جیاوازییەکی زۆر لەنێوان لایەنەکانی نێو ئەم دوو ئەزموونەو جیاوازی ئەرزو ئاسمانی تێڕوانینم بۆ کەسەکانی هەردوو ڕووداوەکە)، کاتێك تورکیا لەشوباتی 1999دا بە گەلەکۆمەکییەکی موخابەراتی نێودەوڵەتی، عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکەی گرت و خێرا حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپاندو لەسەرەتای زیندانی کردنیدا لە ئیمرالی لەمافە ئاساییەکانی هەر زیندانییەك بێبەشی کرد. بەوەش توانیی فشارێکی زۆر بۆ پەکەکە بێنێ و ئەو حیزبەی ناچار کرد ئاگربەست ڕابگەیێنێت و بۆ چەند ساڵێك خەباتی چەکداری ڕابگرێت، (لەگەڵ تێبینی و سەرنجی زۆر لەسەر شەڕ ڕاگرتنەکەی پەکەکە و دەستپێکردنەوەی شەڕیش پێش یەك دوو ساڵێك).

نزیکەی ساڵێکە باسی گفتوگۆی نهێنی ئەمریکییەکان و چەند لایەنێکی حکومەتی عێراق لەگەڵ گرووپە جیاجیاکانی (مقاوەمە) دەکرێت، ئەمریکییەکان و بەرپرسە پەیوەندارەکانی عێراق، گەر ڕاستی ئەم هەواڵانەشیان نەسەلماندبێت، لانی کەم ڕەتیان نەکردۆتەوە. بەیاننامەکەی چەند ڕۆژ لەمەوپێشی سەرکردایەتی بەعس کە لە ئینتەرنێتدا بڵاویان کردەوە، بەئاشکرا هەڕەشەی ڕاگرتنی گفتوگۆکان دەکات ئەگەر سەددام ئیعدام بکرێت. گۆڕانکاری بنەڕەتی لەیاسای ڕیشەکێشکردنی بەعسدا، ئەو یاسایەی لە ڕۆژانی یەکەمی پۆڵ بریمەرەوە کارایە، تا ئەو جێیەی یاسا نوێیەکە ڕێ بە ئەندام فیرقەو بەرەو خواری بەعس دەدا، بگەڕێنەوە سەر وەزیفەو واز لە بەدواداچوونی یاساییان دەهێنێت. تا ڕۆژی ڕاگەیاندنی حوکمەکە، پێشبینی دەکرا، ئەگەر حوکمەکەی سەدام ئیعدام بێت، پاشماوەکانی بەعس وەکو هەڕەشەیان دەکرد، عێراق بکەنە دۆزەخ، کەچی ئامارە ڕەسمییەکان پێچەوانەکەی دەسەلمێنن. لەدیمانەیەکی کەناڵی جەزیرەدا لەگەڵ کەسێکی دەمامکداردا کە گوایە دەمڕاستی گرووپێکی چەکداری (مقاوەمە)یە بەناوی (کتائب ثورة العشرین) بە ئاشکرا باسی لەگفتوگۆی گرووپەکەی لەگەڵ ئەمریکییەکان و بەرپرسانی حکومەتی عێراق دەکرد، هیچ لایەنێکیش لەو دوو لایەنەی دەمامدارەکە ناوی هێنان، بەرەسمی ئەو لێدوانەیان بەدرۆ نەخستەوە. دواجار تەئکید کردنەوەی بەردەوامی سەرۆکی ئەمریکا کە ئیدارەکەی سەرقاڵی گەلاڵەکردنی تێڕوانینێکی نوێیە لەستراتیژیەتی سەقامگیرکردنی ڕەوشی عێراقدا.

ئەمانە هەموو پێکەوەو ڕەنگە هەواڵی نهێنی دیکەش هەبن، ئاماژەگەلێکی ئاشکران بۆ هەوڵی قۆستنەوەی حوکمی ئیعدامی سەددام لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بۆ شەڕ ڕاگرتنی بەعسییەکان و دواجار هێنانەوەی بەعس بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراق، بەئومێدی کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیەکانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاو ئامادەسازیی بۆ کشانەوەیەکی سەربەرزانەی ئەو هێزانە لەعێراق، ڕەنگە بردنەوەی دیموکراتەکانیش، گڕوتینێکی زیاتر بەم سیاسەتە نوێیە بدات.

لەگەڵ ئەوەی بیرکردنەوە بەو ئاراستەیەی کە ئەمریکا وا بەئاسانی عێراق جێدێڵێ و پشت لە هەموو ناوچەکە دەکات، بێئەوەی حسابێك بۆ ئاکامەکانی ئەو پاشەکشەیە، هاوپەیمانە عێراقی و کوردستانییەکان، کێشە زۆرو زەوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسرائیلی هەمیشە هەڕەشەلێکراو، بەرژەوەندییە زۆرەکانی و نێوبانگی گەورەی خۆی بکات؛ بیرکردنەوەیەکی ساکارو ڕواڵەتییە، بەڵام خۆ دوور نییە ئەمریکا لەچوارچێوەی ئەوەی سەرۆك بوش و سەرکردە دیارەکانی دیموکراتەکان ناویان لێ نا: تێڕوانینی نوێ، ئەمریکا ئەم گەمەیەشیان بکات و هەوڵی هێنانەوەی بەعس بەشێوەیەك لەشێوەکان بدات، ئەزمونەکانی سێ ساڵی ڕابردووش پێمان دەڵێن، بڕیاربەدەستانی ئەمریکا لە دۆسێی عێراقدا لەمجۆرە هەڵانە دوور نین.

# سەرنجێك لەبارەی دیرۆکی ئاڵای کوردستانەوە



جەمال نەبەز
ئەڵمانیا

یەکێك لەو ناتەواوییە بەرچاوانەی کە لەمێژووی کورددا، بەدیدەکرێ و، کەلەبەرێکی زەقی خستووەتە بەردەم ئەوانەی لەرابوردووی ئەم نەتەوە کولۆڵە دەکۆڵنەوە، ئەوەیە کاتێك، شتێك لەکوردستاندا روویداوە، پێنووسبەدەستانی کورد، دەمودەست تۆماریان نەکردووەو، ئەم کەموکورتییەش، نەك هەر دیرۆکی کۆن، بەڵکو سەردەمی نوێش دەگرێتەوە. با زۆر دوور نەڕۆین، و بپرسین: چەند پەرتۆك، تائێستە، لەبارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە، کە 14 ساڵ درێژەیکێشا، نووسراوەتەوە، بەمەرجێك، رۆژ بەرۆژ، هەرچییەك قەومابێ، تۆمار کرابێ تێیدا؟ من لەساڵی 1971دا، زنجیرەیەك وتاری سەمیناریم لەبەرلین، بەزمانی ئەڵمانی، لەبەردەم کوردو دۆستانی کورددا، لەبارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە، پێشکێشکرد، کەدوایی بوو بەپەرتووکێکی چەند سەت لاپەڕەیی و، بەنێوی "کوردستان و شۆڕشەکەی"یەوە، لەساڵی 1972دا، لەلایەن "یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا" (نوکسە NUKSE)وە چاپکراو، لەساڵی 1985دا کرا بەکوردی و هەر ئەوساڵەش لەسوێد چاپکرا. بەڵام؛ ئەمەش هەموو بەسەرهاتێکی رۆژانەی شۆڕشی نەگرتووەتە خۆی.

ئۆباڵی ئەمەش، بەئەستۆی ئەو خوێندەوارانەیە کەنانخۆرو کاربەدەستی شۆڕش بوون و، هیچ بەرهەمێکیان لەم بارەیەوە نەخستە بەردەم خەڵك و هێندێکیشیان کە لەدەرکەوتنی پاشەڵی خۆیان دەترسان، بەهەموو شێوەیەك دژی ئەو پەرتۆکەی من وەستان.(1)

ئەمەش، هەر نموونەیەك بوو، ئەگەرنا نموونەی لەم بابەتە زۆرن و، ئەنجامە بێسەروبەرەکەشی، ئەورۆ دەبینین. ئەوەتە، لەم رۆژانەدا، لەلایەن گەلێك کەسەوە، باسی ئاڵای کوردستان دەکرێ، هێندەك دەنگی گێرەشێوێنانەو ناسازیش، لەم لاو لەو لاوە، بەرزبوونەتەوە، داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن، وەك ئەوەی گۆڕینی ئاڵا، لیستکی زارۆکان بێ. بەڵگەشیان بۆ ئەم خۆ دەرخستنە، بەپێی نەریتی "پێچەوانە بوەستە، تا بناسرێیت"، ئەوەیە، کە ئاڵای کوردستان "دروشمی گەلە ناکوردەکانی کوردستانی تێدا نییە"، وەك ئەوەی ئەم ئاڵایە، ئاڵای کورد بێ و، ئاڵایەکی نیشتمانیی کوردستانی نەبێ. ئەوانە ئەوەیان لەبیرکردووە یان لەبیرە خۆیان بردۆتەوە کە ئاڵای کوردستان سیمبولی وڵاتی کوردستانە, ئەو نەتەوانەش کە لە تەك کوردستاندا لە کوردستان دەژین و خۆیان بەکوردستانی دەزانن, ئەوە تێدەگەن. چونکە ئەگەر ئاڵای وڵاتانی فرە نەتەوە لە سیمبولی نەتەوەکان پێکبێ ئەوا ئاڵاکانیان وەك شەرە پشیلەیان لێدێ.

ئەم بەڕێزانە، چاوەڕوانی ئەوە ناکەن، تابزانن چارەنووسی کوردو کوردستان، بەچ لایەکدا دەکەوێ، ئەوسا خەمی ئاڵاکە بخۆن و، شمشێرێکی سۆری سعوودیانەی "عەرەبە رەسەنەکان"ی کوردستان بخەنە نێو ئاڵای تیشك هاوێژوکەسك و سۆری ئاشتیخوازانەی کوردستانەوە، شمشێرەکە بکەنە دروشمی ئەو عەرەبانەی کە رژێمی عێراق لەماوەی هەشتا ساڵدا، بەچەند گوژمێك هێنانیە کەرکووك و مووسڵ و دیالەو کووت و، ئەورۆ ئەوانە، بوونەتە "عەرەبی رەسەن"و، ئەو عەرەبە دەوڵەمەندانەی کەئەورۆش، پارتی و یەکێتی, نابەرپرسیارانە،دەیانهێننە هەولێرو سلێمانی و دهۆك و، دەبنە خاوەنی خانوو و زەوی و زارو دوکان و قوتابخانەی عەرەبی دەکرێتەوە بۆیان، دوارۆژ, ئەوانەش دەبنە "عەرەبی رەسەن". ئەی کاتی خۆشی مەلیك فەیسەلی، دەستنێژی بەریتانیا، عەرەبی نەهێنایە حەویجەو دەشتی شارەزوور، کە ئەمانەی دوایی، بە "جیب الگوریس" بەنێو بانگبوون! بەڵام هاوار بۆ کێ بەرین وبلوێر بۆ کێ لێبدەین؟!



ئاڵای کوردستان

ئەمەیان واو، لەلایەکی دیکەشەوە، گەلێك نووسین و بیروڕا، لەبارەی بنجوبناوانی پەیدابوونی ئاڵای کوردستانەوە، بڵاوبوونەتەوە، کە بەلێوردبوونەوەیەکی ژیربێژانە، راست دەرناچن، لەبەر ئەوە، وامبە باش زانی، ئەوەی ئەز لەم رووەوە بیستوومە، بیخەمە سەر کاغەز، بەشکم ببێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە.

سەرەتای پەنجاکانی سەتەی رابردوو بوو، کەئەو دەمە خوێندکاربووم لەزانستگەی بەغدا، جارێکیان، بەبۆنەی رۆژی نەورۆزەوە، لەدوکانی (ئوستاد) بەشیر موشیر دانیشتبووم، ژمارەیەکی زۆر کوردی بەتەمەن هاتنە ئەوێ، کەهەر ئەز بەتەنێ لەنێوانیاندا گەنج بووم، ئەوەشم بۆیە واباش لەبیرە، چۆنکە جێژنی نەورۆز بوو، جێژنی نەورۆز، ئەو سەردەمە، هێشتا نەکرابوو بەپشووی فەرمی (رەسمی) لەعێراقدا، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو رۆژە نەچوومە زانستگەو لەخزمەت "ئوستاد"دا بووم.چەند کوردێك لەدوکانی "ئوستاد" کۆبووینەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ماڵی رەحمەتی مارف جیاووك بۆ پیرۆزباییکردن، ئەوانەی لەوێ بوون، هێندەی لەبیرم مابێ، ئەم بەڕێزانە بوون: مامە شاکیر مەجروم، مامۆستا رەفیق حیلمی، عەقید ئەمین رەواندزی، عەقید عارفە سوور(2)، رەفیق چالاك، عەقید جەمال عارف کەرکووکی، عەبدولقادر قەزاز، مەلا واحیدی هەولێری و چەند کەسێکی دیکە. لێرەدا دەبێ بێژم کە "ماڕووف جیاووك"(3) خۆی دامەزرێنەری "یانەی سەرکەوتن" بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ,کوردە دەستڕۆیشتوەکانی بەغدا, نێوانیان لەگەڵ مارف جیاووك خۆشنەبوو, کرێی خانووەکەی "یانە"یان نەدابوو، لەمەوە چالاکیی "یانە" چەند ساڵێك بوو، راوەستابوو، رەحمەتی، مارف جیاووك، ناچار بوو بوو، هەر بۆ مانی نێوی "یانە"، ماڵەکەی خۆی بکاتە "یانە". بۆ ئەمەش تابلۆیەکی بەکوردی و عەرەبی بەسەر دەرگەی ماڵەکەیدا کە لەنزیك "باب المعظم"ەوە بوو، هەڵواسیبوو، لەسەری نووسرابوو "یانەی سەرکەوتنی کورد/ نادی الارتقاء الكردي". کورت و کرمانجی، کە لە سەردانی ماڵی مارف جیاووك، گەڕاینەوە، لەنێوان قسەکانماندا، باس هاتە سەر ئەوەی کە بۆچی مارف جیاووك، ئاڵای کوردستان، بەسەر تابلۆکەوە هەڵناواسی و، ئەگەر ئەمەیکرد، هەڵوێستی حکوومەتی عێراق، چ دەبێ. لەمەشەوە، قسە هاتە سەر سەرچاوەی هاتنەکایەی ئاڵاکەو،هەر یەکەش لەئاوازێکی دەخوێند.

مامە شاکیر مەجرووم، رەوانی شاد بێ، منی وەك برازای خۆی تەماشا دەکردو، کەدەیدی لەنێو گەنجەکانی ئەو زەمانەدا، کەم هەن وەك من، ئارەزووی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو پیرانەدا هەبێ و، بەدوای دەنگوباسی کۆن و بەسەرهاتی ئەوانەدا بگەڕێن، زۆر پێیخۆشبوو و دەیگوت "ئومێدم بەتۆ زۆرە بۆ دوارۆژ"و، منیش، هەر بەمامە شاکیر قسەمدەکرد لەگەڵی. مامە شاکیر، ماڵی لە رواندز بوو، بەڵام زوو زوو دەهاتە بەغدا. بەڕاستی رۆشنبیرێکی گەورەی کورد بوو و، لەپێناوی نیشتمانپەروەریدا گەلێك دەربەدەری و برسێتی و سەختیی ژیانی چێشتبوو. هاوکارو هاودەنگی راستینەی شێخ مەحموود بوو. گەلێك هۆنراوەی رۆژانی شانشینێتی خوارووی کوردستانی لەبەر بوو. رکێکی ئەستووری لەمێجەرسۆن بوو، دەیگوت میجەرسۆن، کوردیزانێکی بە بەهرە بوو، دژی کوردیش نەبوو, زۆر حەزی بەوە دەکرد کەکوردستان ببێتە دەوڵەت، بەڵام دەیویست خۆی بکەنە شای کوردستان، نەك شێخ مەحموود، دەیزانی کەئینگلیزەکان، عەرەبێکی دەرەوەی عێراقیان هێناوەو، تانجیان کردووەتە سەر، بیری لەوە دەکردەوە، بۆچی ئەو لەمەلیك فەیسەل کەمتربێ. لەبەر ئەوە، دوژمنایەتیی شێخ مەحموودی دەکرد.مامە شاکیر دەیگوت، مێجەرسۆن زۆر "ترزل"و یەکجار "بەفیز"و "قسەترن" بوو، بەپێچەوانەی مێجەر نۆئێل، کە زۆر هێمن, لەسەرخۆو روو خۆشبوو. مامە شاکیر لەسەردەمی شانشینێتی باشووری کوردستاندا، بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود، وەزیری پۆستەو تەلوگرافی حکومەتی کوردستان بوو, ئەم شاخ و ئەو شاخ دەزگەی تەلوگرافناردنەکەی لەگەڵ خۆی دەگواستەوە. ئەو لەبارەی ئاڵای کوردستانەوە ئەمەی خوارەوەی فەرموو:


ئاڵای کوردستان لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەلایەن هۆنەری نیشتمانپەروەری کورد، ئەحمەد موختار جافەوە(4) لەهەڵەبجە نەخشەکێشراوەو، دوایی پاش تەواوبوونی جەنگ، لەلایەن مێجەر نۆئێلەوە براوە بۆ سەرکردە کوردەکانی باکووری کوردستان، لەکاتێکدا کە مێجەر نۆئێل بەدزییەوە گەشتێکی بەوێدا کردووە.

لەبارەی رەنگەکانیشەوە گوتی: رەنگەکان لەرەنگەکانی سروشتی جوان و رەنگاورەنگی کوردستانەوە وەرگیراوە(5)، بۆ خۆرەکەش گوتی ئەوە بەرامبەر مانگی عوسمانییەکان دانراوە، چۆنکە بیروڕای ئەحمەد موختار وابوو، بووە (وجود) یەك رێزی هەریەکە ببەخشی، نەك دەستندەخۆر بێ. خۆر رۆناکی و گەرما دەبەخشێ و، مانگیش وەریدەگرێ. ئەگەرنا مانگ لەخۆیدا ساردو تاریکە. لەگەڵ ئەمەشدا، بابەتی "خۆر" کە بەشێکە لە میتۆلۆژیای کوردو میزۆپۆتامیا، گەلێك زانیاری لا هەبوو. لەبەر ئەوەی دراوسێی ماڵمان بوو لەسلێمانی، زوو زوو چاومان بەیەك دەکەوت. ئەو دەیگوت؛ ئاڵای کوردستان لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەیە.

ئێستە دەبێ بێژم، ئەوەی کە دەگوترێ، ئەو ئاڵایە لەلایەن گۆتفرید یۆهانس میولەری(6) ئەڵمانەوە، یان رەمزی نافیع رەشیدەوە دروستکراوە، بەدڵنیاییەوە راست نییە. چۆنکە ئەز خۆم لە شەستەکاندا کە چاوم بە مویلەر کەوت و، قسەمکرد لەگەڵی و چەند جاریش لە شەستەکان و حەفتاکاندا، چاوم بە رەحمەتی میر کامەران بەدرخان کەوت، میر کامەران دەیگوت، ئەو ئاڵایە لەسەروبەندی هاتنەکایەی پەیمانی سیڤەردا (کە لەساڵی 1920دا بەسترا) لەلای جەنەراڵ شەریف پاشا بووە. ئەوەش دەزانین، کە شەریف پاشا خەڵکی سلێمانی بوو، کە لە ئەستەمبول و سوێد دەژیاو، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەسەرکردە کوردەکانی باکوورەوە هەبوو. هەر لەو کاتەشدا، لە ئەستەمبوڵ، ژمارەیەك کوردی خەڵکی سلێمانی دەستڕۆیشتوو، دەژیان وەك؛ جەنەراڵ حاجی مستەفا پاشای یامولکی، جەنەراڵ ئەمین زەکی بەگ، عەقید تۆفیق وەهبی، هۆنەر پیرەمێردو قانووناس جەمال بابان و کێ و کێ.

زانای گەورەی کورد مامۆستا محەممەد قزڵجی (توورجانی)، هاوکاری سمایل ئاغای سمکۆ، دەرهێنەری رۆژنامەی "رۆژی کورد–شەوی عەجەم"(7) لەورمێ و، پەنابەر لەعێراق و، مامۆستای کۆلێجی (شەریعەت) لەئەعزەمیەی بەغدا، کە زوو زوو سەردانی دوکانی (ئوستاد)ی دەکرد، خۆشم جاروبار گوێم لەوانەکانی دەگرت، ئەگەر بە ئێواران بوایە، جارێکیان فەرمووی: کە ئەو ئاڵایە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەردەمی سمکۆدا هەبووە، پاشان کەوتووەتە لای دوکتۆر عەزیز زەندی، کە لەکۆتایی ساڵی 1937دا کۆمەڵەی "ئازادیخوازی کوردستان"ی دامەزراندو، بەتێکچوونی حیزبەکەی و هاتنەکایەی کۆمەڵەی ژێکاف کەوتە لای دامەزرێنەرانی ژێکاف. بەڵام کۆمەڵەی ژێکاف، لەبەر ئەوەی دڵنیا نەبوو، لەوەی هەل بۆ کورد هەڵدەکەوێ، "قەوارە"یەك بۆ خۆیان ساز بکەن، جارێ ئاڵاکەیان لەگۆڤارەکەیاندا "نیشتمان" چاپنەکرد، بەڵکو تەنێ "خۆر"ەکەیان چاپکرد لەنێو بازنەیەکدا. دوایی، کە کۆماری کوردستان داخۆیانیکرا، ئەوجا، پێشەوای شەهید، قازی محەممەد، ئەو ئاڵایەی کرد بە ئاڵای کۆماری کوردستان. شایانی باسە لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لەبارەی گۆڤاری "نیشتمان"ەوە، کە ساڵی 1983 دا بەکوردی و ئەڵمانی نووسیومەو، لە 1985 لەسوێد چاپکراوە، بۆ یەکەمجار رۆژو مانگ و ساڵی دامەزراندنی ژێکافم، لەبەر رۆشنایی لێوردبوونەوە لە "نیشتمان" ئیسپاتکردووە کە 16 ئەیلوولی 1942 بووە، بەڵام رێککەوتنی رەمزی و مویلەر بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەك، لەساڵی 1943دا بووە. راستە مویلەر لەسییەکاندا، ئەفسەری دەزگەی ئاسایشی سوپایی ئەڵمانیا بووە، وەك لەنامیلکەیەکیدا کە لەساڵی 1937دا بەنێوی "خۆخزاندنە کوردستانی داخراوەوە" بڵاویکردووەتەوە، بەڵام بەڕاستی باوەڕ ناکەم، کە چیرۆکەکە هەمووی بەو شێوەیە بووبێ کە بۆمان دەگێڕێتەوەو، ئەم وتارەش جێی ئەوە نییە کە لەسەر ئەم بابەتە پتر بڕۆم.

بەرلین 2006/11/11



شاکر مەجروم

ژێدەرەکان:

1– بۆ خوێندنەوەی "کوردستان و شۆڕشەکەی" سەرنجی ماڵپەڕی "کورد بوون" بدرێ: www.kurdbun.net، www.kurdbun.com، www.kurdbun.de.

2– موقەددەم عارفە سوور، کۆنە ئەفسەری سوپای عێراق بوو و، لەپەنجاکاندا خانەنشین بوو. زۆر قەڵەو بوو، بەگران بەرێدا دەڕۆیشت، بەڵام مرۆڤێکی زۆر سەرو زمان شیرین و نیشتمانپەروەر بوو. محەممەد بریفکانی هەبوو، کە لە بەغدا رۆژنامەی "الجبل (چیا)"و دوایی "پێشکەوتن"ی دەردەکرد. بریفکانی زمانی جۆرێك بوو کە، "ر"ی وەك "ظ" دەردەچواند، دەیگوت "عاظفە/ سووظ/ کوظد/ نییە" (عارفە سوور کورد نییە) دەمگوت بۆ چی، دەیگوت "کوظە/ بابە/ پیظە/، ئێظە/ و/ ئەو/ بن دیواظە/ ناتوانێ ظاکا: (کورە بابە پیرە، ئێرەو ئەو بندیوارە ناتوانێ راکا). واتە لای حەمە بریفکانی، ئەوی نەیتوانیایە رابکا، کورد نەبوو. کە ئەمەم بۆ موقەددەم عارف گێڕاوەو، گوتم ئەرێ؛ دەزانیت تۆ کورد نیت؟ گوتی: چۆن؟ ئەو قسەیە چییە؟ گوتم؛ حەمە بریفکانی دەبێژێ "عارفە سوور کورد نییە، پیرە،/ ئێرەو ئەو بندیوارە ناتوانێ راکا". گوتی "یەك مەتریش ناتوانم راکەم و کوردیشم". ئەوەشمان کردبوو بە گاڵتە لەنێوخۆماندا، تەنانەت هەژاری موکریانی، کاتی نەخۆشییەکەی کە چووم لەگەڵی بۆ وێستگەی شەمەندەفەر لە بەغدا بۆ بەرێکردنی بەرەو هەولێرو شەقڵاوە تا لەوێ بحەسێتەوە، لەوێوە هۆنراوەیەکی نارد بۆم کە باسی چاویلکەی سەرچاوی من و دوکانی ئوستادو گەلێ شتی کردبوو (کە لەدیوانەکەیدا چاپینەکردووە، بەڵام دۆکتۆر عێزەدین مستەفا، لەو پەرتۆکەدا، کە بەنێوی "ئوستاد"ەوە بڵاویکردووەتەوە ,هۆنراوەکەی چاپکردووەو لەوێدا هاتووە:

سوێندم بەو یانەی، هیچ بۆ کورد ناکا
بەو عارفە سوورەی، ناتوانی راکا
سوێندم بە بەشیر، بە شیعرو "ئیمضا"ی
بە کیژی رەشید، بە بەژن و باڵای

سەرنج: ئوستاد، شتێکی بە هی خۆی دەزانی کە ئیمزای کردبێ، بە ئیمزاشی دەگوت "ئیمضا".

3– نووسیومە "ماڕووف جیاووك" چۆنکە "ئوستاد" وشەی "مەعرووف"ی دەگرد بە "ماڕووف" (بەرێی قەڵەو) بۆ وێنە بە مامۆستا مەعرووف خەزنەداری دەگوت؛ "ماڕووف خەزنەدار"و ئەمەش دەستوورێکی زمانەوانیی کوردیی زۆر راستە، بۆ وێنە "کەعبە"؛ دەبێتە "کابە"،واتە دەنگی ئا a جێی ئەع،e دەگرێتەوە، پێچەوانەکەشی راستە، هێندەك جار "کانی" دەبێتی "کەعنی".

4– ئەحمەد موختار جاف رۆشنبیرو هۆنەری نیشتمانپەروەری کوردبوو، کوڕی ئەحمەد بەگی وەسمان پاشای جاف بوو. هۆنراوەی زۆر بەسۆزی هەیە، بەداخەوە تەنێ 38 ساڵ ژیا (1897–1935). مامۆستا گیوی موکریانی، دوو جار دیوانەکەی لە چاپخانەی کوردستان لەچاپداوە (1960و 1969) ئەحمەد موختار جاف، خاوەنی چیرۆکی "مەسەلەی ویژدان– چۆن بووم بە خانەدان"ە، کە دوکتۆر ئیحسان فوئاد، پێشەکی یەك و لێکۆڵینەوەیەکی بۆ نووسیووەو، لە بەغدا لەچاپخانەی "ئیرشاد" لە 1970دا چاپکراوە.

5– هەژاری موکریانی لەیەکێك لە هۆنراوەکانیدا ئەم تایبەتکارەی ئاڵای کوردستان دەخاتەڕوو:

کوردستانم رەنگینە
بەهەشتی سەر زەوینە
خاکم وەکو ئاڵاکەم
رەنگ سوورو سپی و شینە

(کە مەبەست لە "شین" سەوز (کەسك)ن، سەرنجی وشەی "شینایی" بدە).

6– لەو وتارە دوورودرێژەمدا کە لەگۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد (بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم، بەغدا 1974) بڵاومکردەوە، لەژێر نێوی "کورتە مێژوویەکی کوردناسی لەئەڵمانیادا"، بۆ یەکەمجار پەنجەم بۆ ئەو نامیلکەیەی گوتفرید یۆهانس مویلەر راکێشا، کە بەنێوی "لەرۆژهەڵاتی گرتێبەربوودا لە 1959دا بڵاویکردووەتەوە" و، لەزمانی ئەو کابرایەوە، ئاماژەم بۆ چیرۆکی رەمزی نافیع کردووە (ل453–454).

لەو پەرتۆکەدا گەلێك پێوەنان (مبالغە)ی تێدایەو، ئەوەش تێنەگەیشتم، بۆچی مویلەرێك، خۆی سەرکردەی بەزمەکە بووبێ، سپ و زیندوو لە گرتووخانە رزگاری بووبێ و، ساڵانی ساڵیش دوایی ئەوە ژیابێ، کەچی رەمزی قوربەسەر، هەرکە بەرەڵڵا کرا، پاش ماوەیەك مرد بێ.

7– مەبەست لە "عەجەم" تورکە ئازەرییەکانە نەك فارس.

8– دوکتۆر عەزیز زەندی خوێندنی خۆی لە ئەڵمانیا تەواو کردبوو و، وەرگێڕی ئینجیل بوو، بۆ سەر زمانی کوردی و، باوکی میدیای زەندی بووە کە وێژەری بەشی کوردی رادیۆی تاران و، ماوەیەکێش خێزانی گۆرانیبێژی کورد حەسەن زیرەك بوو.

قسەی زۆر هەڵدەگرێ، کە جێی ئێرە نییە.

هەر لەم بارەیەوە جارێکیان پرسیارم لە کاک رەشید شەوقی (برای مامۆستا عەلی ئاگا) کرد, کاکە رەشید شەوقی، ئەو پیاوە بوو کە لەگەڵ ساڵح زەکی ساحێبقڕان، پێکەوە لەبەغدا گۆڤاری "دیاریی کوردستان"یان دەردەکرد. کاکە رەشید مرۆڤێکی زۆر نیشتمانپەروەر بوو. لەسەردەمی عوسمانییەکانداو،لەکاتی جەنگی یەکەمدا، ئەفسەری عوسمانی بوو لەنێوچەی هەورامان و، پێوەندییەکی باشی بە سانەکانی هەورامان و کوردە گۆرانییەکانەوە بەستبوو.